# چه نديمه نێکی ژان تێزاو

له گوندێکی به ربناری
هه وارگه ی منالّی منا
دایکێک به شه ش منالّه وه
ته رمی باوکی ڕۆلّه کانی
پاش دوازده سالّ کاری فه سلّی
گرتۆته باوه ش وئه گری
که پاش مه رگی ئه وڕه نجده ره
نانی شه وێکیش شک ناباوو
ده ره تانێکیش نابینیّ
له شارێکی مامناوه ندی
وه ک بانه دا
چوارمنالّی سه روپێچکه
چاوه روانی دیک وباوکی کرێکارن
که له ئێواره ی ڕۆژیاندا
زگی برسی هه لّقرچاویان
به پاروه نانێکی وشک بژێنه وه
ئه گه رکارێک هاتبێته ڕێ یه کی له وان
له وسنوره فه رته نه دا
که زوربه ی به مین چێندراوه
سه دان زه حمه تکێشی ماندوو
که سیره بوون
ده ست ولاقیان له ده ست داوه و
مالّ وگیانیان چۆته قوڕگی
کۆنه په ستانی مێژووو
بوونه سوتمان

له کۆڵانێکی ته ریکی گه وره شارێک
ئاپۆره یه ک ده ست فرۆشی بێ ئه نوام دی
که له به رداگیرکه رانی سه رمایه دا
که لو په لی نافرغون وداشقه کانیان
به جێ دێلن وخۆوه ده که ن
چوونکه ئه گه رئه سیربکرێن به باخه ڵی خاڵی ئه بێ
بۆجه لیمه بچنه زیندان
کام جێ هه یه ؟
له شاروشارۆچکه کانی ئێرانی ئاخونداوی دا
دیارده ی ڕه شی جۆراوجۆری موعتادکردن
به موواددی موخه ده را
سیاستی داڕێژ راونه بێ بۆکپ بوونی زێن وبیری
تازه لاووبنده سته کان
که هه رئێستابه هه زاران
میوانی مه رگ ونه مان وتیاچوونن
به ده ست چۆماخ به ده ستانی
خوێن ڕێژ ومێشک وشکه کان

١٧.١.٩٩
ژاکاو